# بێ وەفایی

## محەمەد جەزا بەرزنجی

نە پشکۆی لێوت وەکو جاران
بۆ کرێوەی ناخی ساردم دائەگیرسێ
نە هەستدەکەم.. خونچە ماچێکی ئەوینی
لێ بپشکوێ،
تیشکی نیگات کە بێ تین بوو
کەی دەتوانێ
پوشوی دڵم
بسوتێنێ
هێندەی سەمای گەلایەکی دەم هەناسەی شنەی شەماڵ
وەکو جاران
خۆشەویستیت هەستی رۆحم ببزوێنێ،
نە دامێنی بەرماڵی تۆ
خاوێن ماوە..!
نە من.. بۆ نوێژی ئیمانت
دەستنوێژ دەگرم
ئەی نازانی هەور بە بروسکە دەڵێت :
هەر دیمەنێ شاردراوە بێت،
وێنەی بگرێت،
لە نێو پۆستی رەهێڵەشدا
بیان نێرێت بۆ هەر جێیەك خۆی بیەوێت

* * *

نەشمیلەکەم
سەردەمانێك
شەمامەی هەرزەییت .. دەنکە هەناری مزریان
بەسەر لێوی لەزەتما هەڵدەوەران
منیش دەبومە ئاوڵەمە و لە هەناوتا
جاریکی تر دەتوامەوە
لێگەڕێ .. ئەمرۆ
لە ساباتی ژوانی چۆڵا
لە بێدەنگی سرەوتنا

لە نێو عەشقی بەرد و خۆلا
تێر بخەوم،
..لێگەڕێ.. ئەم گەشتەم
دوا هەناسەی رۆحی تیایە
چیتر بەرگەی
سەودا سەری
ئەم بازاڕی های میوەیەی تۆ ناگرم..!
لیَگەڕێ .. ئەم هەوارەم
شەکرە زەهری تیا نۆشدەکەم
خۆم و تۆش و خەونەکانمان
بێ هۆش دەکەم..!
لیَگەڕێ
دەنا .. ئافاتی عەشقێکم
بە ئاگا .. بێم
ئێخەی روتیت لەت لەت دەکەم،
داوای هەناری
.دزراوی هەموو مێژوو لە تۆ دەکەم
لیَگەڕێ
نە تۆ بە کەڵکی من دێیت .. و
نەمن ڕەدوی
کەوە رۆژی روخسارێکی وا دەکەوم
گرانترین مەکیاجی ئەم دنیایە سواخی دابێت
لیَگەڕێ
با جووت نەبین
نەکا شەیتان
زەفەر بە ساختەمان بەرێ
بترەکێین .. و
ئەوینی پاك
بۆ چرکەیەك
بە نێو رۆحمانا تێپەڕێ
ئەی نازانی
لە دوو توخمیئەرێ و نەرێ
نەوەی زۆڵی ئەهریمەنی
دەردەپەڕێ.